

# زانا «شیروان عبد الرحمن موفتی» و دۆزینەوەی نهێنی یەکی گرنگ لەبواری گەردوون ناسیدا

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاروانی بەرەوپێش چووی زانستو زانیاری هەنگاوی گەورەو خێرا دەهاوێژێو ، بەپەلە بەرەو ئاسۆیەکی پڕشنگدارو گەشە سەندوو ڕێ دەکاو پێ دەنێتە قۆناخێکی تازەترو بەبایەخ‌تر ، هەولٚو کۆشش‌و خەباتی بێ پسانەوەی زاناو پسپۆڕان لەهەموو وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان‌داو ، لە ڕۆژگاری ئیمڕۆمان‌دا پەیتا پەیتا ئەنجامی بەسوود بەدەستەوە دەدات‌و ، مرۆڤایەتی لە قۆناخێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ قۆناخێکی لەبارترو پێشکەوتووتر ، لەگەلٚ هەموو دەرکەوتنی خۆری ڕۆژێکی تازە ئادەمیزاد هەنگاوێکی تازە بۆ پێشەوە دەچێت ، ئەوەتا وولاتانی پێشکەوتوو لەهەموو بوارەکانی ژیان‌دا نموونەی شارستانیەتی تازە دەنوێنن. تەنانەت هەولی ئەوە دەدەن سوود لەبۆشایی ئاسمانیش وەربگرن‌و بۆ مرۆڤایەتیشی بسەلمێنن کە ژیان بۆی هەیە لەو بۆشایی‌یە بەربلاوەدا بەردەوام بێت .

شان بەشانی ئەوانیش هەندێ وولاتی دیکەش بایەخێکی چاکیان بە مەسەلەی زانست‌و زانیاری داوەو گەلێ کۆسپ‌و تەگەرەیان لەبەردەم گەشەکردنی‌دا لابردووەو ، هەل‌و مەرجی پێویستیان بۆ ڕەخساندووەو دەستی یارمەتی‌یان بۆ زاناو لێهاتوو پسپۆڕان درێژ کردووە . .

ئەوەتا لە وولاتی خۆمانیش زانایەکی کورد کە دەمێکە لەهەندەرانەو ، لەبواری فەلەک‌دا پسپۆڕی وەدەست هێناوەو ، بە بەلگەی زانستی‌یەوە ئەو هەقیقەتەی سەلماندووە کە ژیان بۆی هەیە لەبۆشایی ئاسمان‌دا بەردەوام بێت .

زانای کوردی عیراق «شیروان عبدالرحمن مفتي» سالی ۱۹۷۹ لەسەر حیسابی زانکۆی «صلاح‌الدين» بۆ دوو سالٚ خوێندنی فەلەك نێردراوەتە دەرەوەی وولات بۆ «زانکۆی ئەدنبرە» لە وولاتی لەندەن‌و لەبەر گرینگی کارەکەی‌و لەسەر داخوازی پرۆفیسۆرو زاناکانی ئەو وولاتە کە سەرپەرشتی‌ی نامەی دکتۆراکەی ئەوزانا کوردە دەکەن زیاتر لەجارێك‌و دووان بەنامەی تایبەتی داوایان لە کاربەدەستانی ولاتمان‌و سەرۆکی زانکۆی «صلاح‌الدين» کردووە بۆ ئەوەی ماوەی خوێندنەکەی درێژە پێ بدەن‌و هەندێ پێ‌ویستی بەردەوامی‌ی لە کارەکەی‌دا بۆی زامن بکەن ، هەر ئەو پێ‌داگرتنەی ئەوان‌و کارە پڕ بایەخەکەی شیروان موفتی‌و باوەڕبوونی وولاتی عیراق‌و لێ‌پرسراوان بە مەسەلەی گەشەپێدان‌و بلاوبوونەی زانیاری‌و دەست بەبالەوە گرتنی ئەو کەسانەی لەبواری زانستدا کاردەکەن ، تا ڕادەیەکی چاك ماوەیان بۆی ڕەخساندووە کە تاوەکو سالی ۱۹۸۷ لە کارەکەی‌دا بەردەوام بێت . .

شیروان موفتی لە سالی ۱۹۸۱دا گەیبوەتە دۆزینەوەیەکی مەزن لەبواری زانستی‌ی گەردووندا ، ئەویش لە ڕێگەی خاسیەتەکانی بەکتریا لە ئاستی شەپۆلە تیشکی‌یەکانی ژێر سوورەوە ، کە کۆمەلێکی زۆری لەبەکتریا دۆزیوەتەوەو خەریکە زاناکان باوەڕ بەوە بێنن – گیاندارە گەردیلەیی‌یەکان – بۆیان هەیە لە دەرەوەی ئەرزو دەرەوەی کۆمەلەی خۆردا بژین ، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت زانیاری‌یە گەردوونی‌یەکان ئەوەیان سەلماند کە بەکتریا لە پێوانەیەکی فراوانی بۆشایی ئاسمان‌و نێوان ئەستێرەو ئەستێرە گەڕۆکەکان‌دا هەیەو دەژێ .

**هەر لە بواری گرینگی‌ی کارەکەی «موفتی»و لە سالی ۱۹۸٤دا ، دوو پرۆفیسۆری زانکۆی کاردیف دەلێن :**

ئەو لێکۆڵینەوەی «شیروان موفتی» کە بەردەوام گفتوگۆی لەسەر دەکرێ لەلایەن زاناکانی گەردوونو ئەو زانیاری‌یانەی لەسەر تاقیکردنەوەکە کە تا ئێستا لەهەموو مەیدانەکانی زانیاری‌دا کۆبوونەتەوە هەر هەموویان بۆچوونو هەقیقەتی دۆزینەوەکەی موفتی دەسەلمێنن.

ئەو دوو پرۆفیسۆرە لەم ڕووەوە داوای ئەوە دەکەن کە «شیروان موفتی» زاناو لێکۆڵەرەوە بەهەرچی چۆنێ بێ دەبێ چەند ساڵێکی دیکە لەکارەکەی‌دا بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی بەرهەمی ڕەنجو کۆششی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی بە کامڵی پوختەیی بێتە دی. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥و سەرەتایی ساڵی ١٩٨٦دا کلکداری هالی جارێکی دیکە وەدەرکەوتەوە، ئەڵبەتە ئەمەش ماوەی لێکۆڵینەوەکەی لەبەردەم «شیروان»دا فراوانتر کرد، بۆ تاقیکردنەوەو سەلماندنی مەسەلەی بوونی بەکتریا لە بۆشایی ئاسمان‌دا، کە [دی] ئەم دەرفەتەیش زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێ، ئیتر گەر بەووردی بە پشوو درێژی‌یەوە لێی بکۆڵرێتەوە ئەوە دەبێتە بنەمایەکی چاکو پتەو بۆ کارێکی زۆر مەزن لەبواری خزمەتکردنی زانستو بەرەوپێش چوونی‌دا.

## ● هەر ئەو دوو زانایە دەڵێن:

بەدڵنیایی‌یەوە دەڵێین مانەوەی «موفتی» لەگەڵ ئێمەدا تاوەکو کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ بۆ سوود وەرگرتنی ئێمە لە زانیاری‌یەکانی‌و دەوڵەمەندتر کردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەویش لە بواری گەردوون‌دا، دەبێتە مایەی شانازی‌یەکی گەورەو پیرۆز بۆ وڵاتی عیراق.

لەساڵی «١٩٨٦»یش‌دا، جارێکی دیکە ئەو دوو پرۆفیسۆرە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە کارەکەی «موفتی»وا دەخوازێ پشووی تەواوکردنی خوێندن‌و پسپۆری‌یەکەی بۆ چەند ساڵێکی دیکە درێژە پێبدرێ‌و دەڵێن:

ئەو کارە ئەزمونگەیی‌یانەی «شیروان موفتی» دەبنە هۆی سەلماندنی پرۆژەیەکی زانستی‌ی گەورەو بەکەڵک کە بریتی‌یە لەوەی «بنچینەی ژیان دەگەڕێتەوە بۆ بۆشایی ئاسمان»، هەر ئەو کۆششانەی ئەویش لەم دوایی‌یەدا بوون بە هۆی ئەو گفتوگۆ زۆرو دوورو درێژەی کە کرا دەربارەی ئەو «تۆزە»ی لە کلکداری هاڵی‌یەوە وەرگیرابووو، بەکتریای تیادا هەبوو، ئێستاش دوکتۆر شیروانی موفتی بە پرۆژەکەیەوە خەریکە کە لە ئەنجامیدا دەیگەیێنێتە چارەسەرکردنی کێشەیەکی گەردوونی‌ی گرفت تێکەوتوو کە زیاتر لە چل ساڵە چارەسەریی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

## ● خوێنەرانی ئازیز:

ئەم مەسەلە زانستی‌یە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە بەم ڕاپۆرتە بۆتانی بخەینە ڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی زانیاری‌ی زیاترمان لەبارەی ئەم زانا کوردەو پرۆژە زانستی‌یەکەی لەبەر دەست نەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو باس‌و لێکۆڵینەوانەی بڵاویشی کردوونەتەوە تەنها بریتی بوون لەسەرە دێری کورت‌و ناوی ئەو گۆڤارانەی کە تیایدا بڵاوی کردوونەتەوە بێ ئەوەی کورتەیەکی لێکۆڵینەوەکان نووسرابێتەوە، بۆیە داوای بەخشین دەکەین، بەهەرحاڵ ئەگەر زانیاریی تازەمان لەم ڕووەوە وەدەست کەوت، وەیا زانای ناوبراو شتی زانستی‌ی تازەی بۆ ناردین ئەوە جارێکی دیکە لەگەڵتان‌دا ئاشنا دەبینەوەو بەیەك دەگەینەوە، تەمەن درێژیش بۆ کاك شیروانی موفتی دەخوازین‌و، بە ئاواتەوەین لە کارەکەی‌دا سەرکەوتنی تازەترو مەزنتر وەدەست بهێنێ.

**کاروان**

● شیروان مفتی لەچەند دێرێکدا ●

● شیروان عبدالرحمن مفتی لە ساڵی «١٩٦٧/١٩٦٨» بەشی «فیزیا»ی لە کۆلیجی زانیاری لە زانکۆی «موصل»دا تەواو کردووە.

● بۆ یەکەم جار بە یاریدەدەری ئەزموونگە – مساعد مختبر دامەزراوە، لە بەشی «فیزیا»ی کۆلیجی زانیاری، لە زانکۆی سلێمانی‌دا.

● لە ١٩٧٩/٩/٥دا پشووی خوێندنی دراوەتێ بۆ ماوەی دوو ساڵ‌و لەسەر حیسابی زانکۆی «صلاح‌الدین» نێردراوە بۆ لەندەن بۆ زانکۆی «أدنبرە»، بۆ خوێندن لە بواری گەردوون‌دا..

● چەند جارێك ماوەی خوێندنەکەی بۆ درێژکراوەتەوە، دواجار ماوەی پێ‌دراوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ لە خوێندنەکەی‌دا بەردەوام بێت.